# راگەیاندنی

## دابەشکردنی قازانجی نەختینەیی بۆ خاوەن پشکەکان

کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بۆ پەیوەندییەکان - پشکداریی تایبەت، رایدەگەیەنێت بۆ بەڕێزان خاوەن پشکەکانی بە دەستپێکردنی دابەشکردنی قازانجی نەختینەیی بە ڕێژەی **(150%)** لە سەرمایەی کۆمپانیا، واتە بە تێکڕای 1.5 دینار بۆ هەر پشکێک. ئەمەش پاڵپشت بە بڕیاری دەستەی گشتیی کۆمپانیاکە کە تێیدا گفتوگۆ کرا لەسەر حساباتی کۆتایی بۆ ساڵی دارایی کە لە **2024/12/31** کۆتایی هاتووە. و دابەشکردنەکە لە ڕۆژی **چوار شەممە**، ڕێکەوتی **25/6/2025** دەستپێدەکات. لقەکانی بانکی ئەهلی عێراقی کە لە خشتەکەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێکراوە، ئامادە دەبن بۆ دابەشکردنی قازانج بەپێی کاتژمێر و کاتەکانی دەوامی فەرمیی:

| پارێزگا | ناوی لق | ناونیشان |
|---|---|---|
| **بەغدا** | لقی جادریە | جادریە / نزیک ئوتێل کۆراڵ |
| **بەغدا** | لقی ئەعزەمیە | ئەعزەمیە / شەقامی عومەر بن عەبدولعەزیز / بەرانبەر قەریە ئەلهەدایا |
| **سلێمانی** | لقی سالم | شەقامی سالم / بەرامبەر چێشتخانەی حەم |
| **بەسرە** | لقی مەناوی پاشا | شەقامی مەناوی پاشا |
| **نەجەفی پیرۆز** | لقی ئەلڕەوان | گەڕەکی ئەلئەمیر / شەقامی زەهرا |
| **هەولێر** | لقی ئیسکان | شەقامی شەستی / نزیک مەفروشاتی ڤانیا |
| **موسڵ** | لقی موسڵ | دەورەی ئەلعبادی |
| **کەرکوک** | لقی کەرکوک | کۆتای شەقامی ئەلقودس / بەرامبەر بن ئەلعەربی |

**داوا لە بەڕێزان خاوەن پشکەکان دەکەین ئاگاداری ئەم خاڵانەی خوارەوە بن:**

**1. وەرگرتنی قازانج لە لایەن خاوەن پشك خۆیەوە:** پێویستە خاوەن پشکەکان سەردانی یەکێک لە لقەکانی بانکی ئەهلی عێراقی بکەن کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، لەگەڵ پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی ناساندن بۆ وەرگرتنی قازانجە نەختینەییەکانیان.

**2. وەرگرتنی قازانج لەلایەن وەکیلەوە (بریکار):** بریکار دەتوانێت سەردانی یەکێک لە بنکەکانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بکات بۆ وەرگرتنی قازانج. پێویستە بریکار بریکارنامەیەکی گشتی (وكالة عامة) یان تایبەت و باوەڕ پێکراو لە دادنووسەوە هەبێت و تیایدا بە ڕوونی نووسرابێت کە مافی پارە وەرگرتنی هەیە بۆ ئەو کەسەی کردوێتی بە بریکاری خۆی.

**3. وەرگرتنی قازانج لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی نێوەندگیرییەوە:** دەتوانرێت قازانج لە ڕێی کۆمپانیاکانی نێوەندگیرییەوە وەربگیرێن. لەم حەڵەتەدا تکا لە هاوپشکەکان دەکەین سەردانی ئەو کۆمپانیا نێوەندگیرییە بکەن کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کە ئەوان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆمپانیاکەمانەوە دەکەن. گرنگە کە ڕێپێدانێک لە خاوەن پشکەوە بۆ کۆمپانیای نێوەندگیرییەکە هەبێت بۆ وەرگرتنی قازانجەکانی.

لە حاڵەتی هەبوونی هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەکدا، تکایە پەیوەندی بکەن بە ژمارە **111** بۆ بەشداربووانی ئاسیاسێڵ، و بەم ژمارەیەش **009647701115120** بۆ بەشداربووانی تۆڕەکانی تر.

سوپاس...